# پەروەردەو.... پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون

## بەشی پێنجەم

بەگەڕانەوە بۆ ناو ئاخنی ئەو چوار بەشەی پێشووتر لەمەڕ مەراقی پەروەردەدا دەگەینە ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە ئاخۆ دەزگای پەروەردە لەمیانەی ئەو هەموو ساڵە زۆرانەی تێپەڕین تاهەنووکە توانوویەتی مرۆڤێکی شارستانی و رەخنەگر و ئازاو خاوەن ویست و ئاوەزوو راستگۆ و رەوشتبەرز دروست بکات؟ مرۆڤێك لەپاڵ ناسینی جیهانی دەرەوە، دەرەقەتی ئەوە هاتبێت خۆی و خانەوادەو گەڕەك و شارەکەی بناسێت؟ ئاخۆ توانیومانە مرۆڤێکی ئاشتیخواز و ژینگەپارێز و وڵاتپارێز دروست بکەین؟ بەرلە ناسینی جوگرافیای کیشوەرەکان، لەشی خۆی بناسێت؟ خاوەن رۆحێکی بەرزەفڕ کە ملکەچی و پاشکۆیەتی و خیانەت رەتبکاتەوە؟ ئاخۆ توانیومانە بوونەوەرێکی شادوومان و ژیاندۆست دروست بکەین، هەرلەباخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناغەکانی خوێندنی باڵا؟
بەرلەوە کچ و کوڕەکانمان لەوماڵانەوە هاتوون کە دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارانە لەوێندەرێ وەرگرینەوە کە مۆڵگەی یەکەمەو کارگەیەکە بۆ پێگەیاندنی فەرزەندەکان و پێ بە پێ لەتەك دەزگای پەروەردەدا پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوونی کچ و کوڕەکان دەگرنە ئەستۆ، هەڵبەتە بەو پێیەی خێزان لەرۆژئاوا قۆناغە سروشتییەکانی خۆی بڕیوەو لەسەر هەموو ئاستەکاندا بەهرەمەندە لەو پێشکەوتنە رۆحی و فیکری و زانستی و تەکنەلۆژییە کە لەبەردەستی ئەواندایەو تەمەنی ئەو گەشەسەندنە شارستانییە پێکهاتەی خێزانی تەقلیدی و پاتریارکی گۆڕیووە، هەربۆیە پردی لەیەکدی تێگەیشتن لەنێوان هەردوو دەزگای خێزان و پەروەردەدا ئاسانترە، خێزان خاوەنی هێزە فیکری و مادییەکانەو لەوەدا دەوڵەت و رێکخراوە مەدەنییەکان و نادەوڵەتییەکان کۆمەك بە خێزانە هەژار و نەدارەکان دەکەن، هەربۆیە خێزان چەکدارە بەوەی بەر لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی و بەدرێژایی ساڵانی پەروەردەو فێرکردندا هاوکاری دەزگاکانی پەروەردەن، وەلێ لای خۆمان ئەو بەهرەو تواناو تێگەیشتنە شارستانییە نییە لەمیانەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا کۆمەکی دەزگاکانی پەروەردە بکات، هەڵبەتە بۆ ئەوەش دەیەها فاکتەر هەن کە کاریگەری نێگەتیڤانەیان لەسەر مانەوەی خێزان داناوە کە وەکو خۆی تەقلیدی و کۆنەپارێز و پاتریارکی بمێنێتەوە، سەرباری ئەوەی کە بەحوکمی جێگیربوونمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش عێراق وایکردووە دووربین لە هەموو هێزو توانایەك کە ئەم سەردەمە تازەیە لەگەڵ خۆی هێناویەتی، پشێوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دۆخێکی دروستکردووە کە بۆ ماوەی پتر لە 30 ساڵە عێراق لە تەنگژەیەکی گەورەدا بژی، هەربۆیە لە دوا راپۆرتی (یونیسێفو یونسکۆ)دا پەروەردە لەعێراقدا بە (پەروەردەی دۆخی تەنگژە-گوارێ/ Emergency case) ناسراوە.
کەواتە خێزانی کوردی لەوەدا کورتی هێناوە کە بتوانێت لە تەواوکردن و سەرسەختی پرۆژەی بوون بە مرۆڤ بەمانا هەرە شارستانی و درەوشاوەکەی منداڵەکانی خۆی پێبگەیەنێت، پرۆسەی خولقاندنی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هەروا سادەنییە کە لەچەند ئامۆژگارییەکدا کۆی بکەینەوە (درۆمەکە..... دزی مەکە... هتد)، چونکە کچ و کوڕەکانمان گوێ لە ئامۆژگاری و رێنمایی ناگرن، لەهەموو دنیایشدا هەروایە، ئەوەی لە پەروەردەدا گرنگە دروستکردنی مۆدێلە، مۆدێلی جوان بەگوێرەی هەرهەموو خەسڵەتە شارستانی و ئینسانییەکانی ئەم سەردەمە، مۆدێلە باش و خراپەکان دەبنە مایەی ئەوەی منداڵەکان لاساییمان بکەنەوە، گرفتی ئێمە ئەوەیە سەدەها ساڵە ئامۆژگاری کچان و کوڕان دەکەین بێئەوەی ئێمە خۆمان ئەو نموونە باڵایەو ئەو مۆدێلە دانسقەو پاك و تەمیزو جوانە بین، نموونەیەکی زۆر سادە: ناکرێت تۆ وەك باوك و مامۆستاو مەلا بەکوڕەکانت بڵێیت لە خوشکەکانتان مەدەن لەکاتێکدا تۆ خۆت ژنەکەت و قوتابییەکەت و فەقێیەکەت دارکاری دەکەیت، لەپەروەردەدا مۆدێلێکی جوان لە تەغارێك ئامۆژگاری بەسودترە.

لەو سەردەمەی کە من چوومە قوتابخانە دایکم داوای لێکردم کە کۆشش بکەم تا نانێك پەیدا بکەم، ئەوە پتر لەنیو سەدەیە قوتابخانەکان لە (نانەواخانە) دەچن، تا هەنووکە ئەو روانینە زۆر کۆنە وەکو خۆی ماوە کە قوتابخانە شوێنی نان پەیدا کردنە کە دیارە گەر ئەوە راستیش بێت، بەشێکی هەقایەتەکەیە نەك هەر هەمووی، هەر لەبەرئەوەشە لەوەتەی ئینگلیز یەکەم قوتابخانەی روشدییە یان فەیسەڵییەی داناوە لەم وڵاتەدا، خێزانەکان شێت و شاگەشکەی ئەوەن کچان و کوڕانیان لە کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری وەرگیرێن کە دیارە وەك نانەواخانە چەند نانێکی زیاتری بەر دەکەوێت، بەرلەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو کچ و کوڕانە بۆچ  پۆست و کارو پیشەیەك ئامادە بکەین، راستتر وایە بە پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون و بە مرۆڤبوون و هاونیشتمانبووندا تێپەڕن، چونکە دەنێو هەموو گیاندارەکانی ئەم سەر زەمینە ئێمە وەك توخمی ئادەمیزاد لە هەمووان پتر پێویستمان بە سەرخستنی ئەو پڕۆسەیە هەیە، مەیموون وەك مەیموون لە دایك دەبێت و هەر وەك خۆی بە مەیموونی دەژی و دەمرێت، هەمان شت سەبارەت بە کۆترو پڵنگ و بۆق و زیندەوەرەکانی دیکەوە راستە، ئەوە تەنیا ئێمەین ساڵانێکی زۆری دەوێت لە دەڵەمەیەکەوە دەبین بە کۆرپەلەو زۆر درەنگتر دەبین بە مرۆڤ، زۆر کەس لەدایك دەبن و دەمرن ناگەن بە پلەی بەمرۆڤبوون و هاوڵاتییەکی سوودبەخش، پیر دەبن بە پرۆسە و قۆناغی بەکۆمەڵایەتیبوون تێناپەڕن، هەوڵی ئێمە چ لەماڵ و چ لە مەکتەب مەرجە ئەوە بێت کە چۆن چۆنی ئەو منالانەو قوتابیانە بەو پڕۆسەیەدا ببەین و وایان لێبکەین دەنێو جەنجاڵی ژیان و زیندەگیدا دەنێو ململانێ و بەیەکدادانەکانی کۆمەڵگادا هەڵبکەن و خۆیان بگونجێنن، نەك بەدرۆ و ریاکاری و قازانجی خۆپەرستانەو سوودمەندبوون وەك تاکە کەس، بەڵکو دیسانەوە خۆ گونجاندنێکە لەسەر بەهرەمەندبوون لە هەموو خەسڵەتە مرۆییەکان کە بناغەکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و تەندروست تۆکمەو دامەزراوتر بکات، بەرگری لەخێرو جوانی و هەق بکات، بتوانن لە خزمەت خۆیان و خەڵکیدا بن، گومانکارو رەخنەگر لە نەنگی و کەم و کوڕییەکانی دەسەڵات، چ سیاسی بێت و چ کۆمەڵایەتی، لە ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی کەمتری بۆ خەڵکی نەوێت، بایی ئەوەندەش مرۆڤپەروەر بن کە جیهان بە ماڵی خۆیان بزانن.
قوتابخانەکان تەنیا بۆ سەردەستەو هەڵبژاردەیەك لە خەڵك و گروپگەلێك نییە کەلەبەر هەبوونی هەر نازو پرستیژێك بێت خۆیان بە گەورەترو نازەنینتر بزانن، خودی بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرە کەبایەخ بە کۆمەڵە کەسانێك بدات لەسەر حسابی کەسانی دیکە دژی بەها پیرۆزەکانی پەروەردەیەو دوور لە هەر رەوشتپارێزییەکی هاوچەرخانە، چونکە پەروەردە بۆ هەر هەمووانەو فێرکردنیش بۆ هەر هەموو قۆناغەکانی تەمەن مافێکی رەوایە، لەم وڵاتەدا لەبەر سەدەها بڕووبیانووی هیچ بە هەزارەها قوتابی بەر لەوەی قۆناغی بنەڕەتی خوێندن تەواو بکەن فڕێ درانە سەر جادەو ناو کۆڵانەکان، هەوڵی ریفۆرم تەنیا ئەو کاتە سەر دەگرێت کە کچان و کوڕان عاشق و شەیدای قوتابخانەکان بن پتر لە ماڵەکانی خۆیان.

هیچ کەسێك نییە تەمبەڵ  و دەماغسز بێت کە ژینگەو هەل و مەرجی ژیان و زیندەگی و پەروەردەیی و زانستی بۆ دابین بکرێت، هەر کەسێك دەکرێت لێزان و کارامە بێت لەکارو پیشەیەکدا، کەس نییە لە بوارێکدا بەهرەمەند نەبێت گەر بتوانین وەك پەروەردەکار هێزو توانا شاراوەکانی تێدا بدۆزینەوەو بیتەقێنینەوە، هەر زانست و هونەرو ئەدەبێك کە کچ و کوڕەکان تێینەگەن و غەمگینیان بکات، گوناهی شێوازی گەیاندنەکەیەو پەیڕەو نەکردنی پێداگۆکییەکی راست و دروستە، هەمیشە سیستەمێك هەیە خراپ و گوناهبار.. نەك منداڵەکان، ئەوان هەرگیز تەنەکەی زبڵ و خۆڵ نین تا پڕیان بکەین بەو زانیارییەی کە پەیوەندی بە ژیانی ئەوانەوە نییەو تووتی ئاسا ئەزبەری دەکەن، ئەوان هەمیشە ئامادەن وەك مەشخەڵ دابگیرسێن گەر تۆ بزانیت لە کوێوە ئاگری دەدەی، هەمیشە سیستەمێکی تەمبەڵ و دەماغسزهەیە، نەك کچ و کوڕانی تەمبەڵ و دەماغسز فەرامۆشکردنی هەر منداڵ و گەنج و پیرێك، چ مێ بێت و چ نێر، هەتا گەر تاکە کەسێك بێت و لە کوێرە گوندێك نیشتەجێ بێت، ترسناکترین جۆری

فەرامۆشکردنە، چونکە بێبەشبوونی هەر کەسێك لە پەروەردەو فێرکردن بەاتا دۆڕاندنی هاونیشتمانییەك کە کێ نالێت ئەو کەسەی ئێمە لە پۆلەکانی خۆماندا جێگەی ناکەینەوە نابێت بە یەکێك لە داهێنەران و بلیمەت و دەستڕەنگینێك لە بواری پیشەو کارێکدا؟ لەوەش ترسناکتر فەرامۆشکردنی کەسێکە کە ببێت بە یەکێك لە سوپای تیرۆرستان و خاکفرۆش و خەڵکفرۆش، پەروەردەی راستەقینە رێگا گرتنە لە دروستبوونی ئۆردووی وڵاتفرۆش و ویژدان فرۆش و فیکر فرۆش و گەندەڵخوازو ئەنفالچی و تاڵانچی، مەرجە لە خۆمان بپرسین، ئاخۆ شۆڕشگێڕانی دوێنێ چۆن وا ئاسان بوون بە قۆنتەراتچی و بازرگانی خوێن و فرمێسکی خەڵکی؟ سیاسەتبازەکان کە دەیەها دروشمی جوانیان لەسەر زار بوو لە قۆناغەکانی شاخ و شۆڕشڤانیدا چۆن دەنێو شارەکاندا بوون بە خاوەنی بازاڕ و دوکان و ئوتێل و بەهەشتی شارو.. شاری خەونەکان؟ کەم نین ژمارەی ئەو مامۆستاو پزیشك و دەرمانسازو ئەندازیارو فەرمانبەرانەی کە کەم و زۆر خیانەت لە پیشەکانی خۆیاندا دەکەن، گەڕان و گوێگرتن و خوێندنەوەی لاپەڕەی غەزەتەو هەفتەنامەکان چیرۆکی نەبڕاوەی گەندەڵکاری زۆربەمانی خستووەتە بەرچاوان کە وایلێهاتووە هەر هەمووان گومان لەهەر هەمووان بکەن.
بۆ بوونی دۆخێکی وا نالەبار کام کارگەیە کە بەرهەمەکانی خراپن، ئەوە خێزانەکانە بەتەنیا یان دەزگاکانی پەروەردە؟ یان هەردووکیانە پێکەوە؟ لێرەدا پرسیارێکی دیکە رەوایە: لە نێو ئەم هەموو هەڵڵاو هەنگامەیەدا دەزگا ئاینییەکان رۆڵیان چی بووە؟ ئەو هەموو ئاژاوەو پشێوییەی کە لە ژیانی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێمەدا هەیە بۆ خۆی وەڵامێکە کە هەر هەموو کارگەکان شکەستیان هێناوە، هیچ کامیان تاهەنووکە خاوەنی ئەو هێزو توانا فیکری و مۆڕاڵی و زانستییە نییە کە دامەزراوو ساغڵەم بتوانێت ئەو جۆرە بوونەوەرە دروست بکات کە ئەم سەردەمە بەو هەموو گەشە پێشکەوتنە خێراو گۆڕانە زۆرانەوە دەیخوازێت، رێکردن و هاورێبوون لەتەك ئەو هەموو دەسکەوتە گەورەیەی لەجیهانی دەوروبەرماندا روو دەدەن و پەیدابوون پێویستی بە دەزگایەکی فێربوون و پەروەردەی مۆدێرن هەیە کە هاوشانی ئەو رەوتە خێرایە لە پێشبڕکێدا بێت، خێزانی کوردی زۆر لەوە ماندووترو بێ ئەزموون و بێ فیکرترە لەوەی کە وەها مرۆڤێك دروست بکات کە هەم هاونیشتمانییەکی خێرخوازو سوودمەند بێت و لەهەمانکاتدا هاوڵاتییەکی جیهانی بێت.
هەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بەتایبەتی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوەو لەسەر ئاستی زۆربەی ولاتانی دنیادا خەون و پرۆژەیەك لەبواری پەروەردەدا هاتە پێشێ و رەهەندێکی هاوچەرخانەی وەرگرت کە ئەویش خەونی دروستکردنی مرۆڤێکی تازە بوو کە شوێنەوارو کاریگەری ئەو کارەسات و داروخانەی جەنگ لەسەرخۆی وەلاداو لەژێر تەپ و تۆزی ئەو کاولکارییە مرۆییە بێتە دەرێ، یەکەمین هەنگاو کەنرا رەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە بوو کە پەروەردەو فێرکردن بکات بە موڵکی تایبەتی چەند تاقم و گروپ و یان سەردەستەیەکی هەڵبژێردراو لە کۆمەڵگا، دەزگاکانی پەروەردە ئاڕاستەی کارنامەی خۆیان گۆڕی و بانگەشەی ئەوەیان کرد کە پەروەردە مەرجە بۆ هەر هەموو ئەندامانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بێت، رەخساندنی بوارو هەلی فێربوون بۆ هیچ کەس و گروپێك قۆرخ نەکرێت، بەڵکو پەروەردەیەك بێت مێ و نێر، هەژارو دەوڵەمەند، تەندروست و کەمئەندام، گوندی و شاری بەیەکسانی لێی بەهرەمەند بن، لەناو ئاخندا بەرپاکردنی جۆرێك لە لیبراڵیزمکردنی رۆحی پەروەردە بوو، رەتکردنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆن و بەسەرچوو بوو، رێزگرتن بوو لەو رۆحە رادیکاڵییەی گەنجان کە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گۆڕینی رەوتە کۆن و تەقلیدی و مردووەکان، هەر لەو قۆناغەدا بوو گەڕان بەدوای زمانێکی تازەدا ببووە خەمی نەوەی نوێ و بگرە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندو نووسەران، شۆڕشی نوێ لەناو ئەو زمانە کۆنەی جەنگخوازو میرەکانی شەڕدا جێگەی نەدەبووەوە کە ببووەوە زمانی هەزارەها کەس، رەتکردنەوەی رۆحی پاترپارکی- باوکسالاری- کە ژیانی رامیاری و کۆمەڵایەتی داگیرکردبوو هی ئەوە بوو لەبن و بۆتکەوە هەڵبتەکێت، هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە (شۆڕشی قوتابیان) بوو بە پێشەنگی ئەو گۆڕانە مەزنەی لەرۆژئاواو ئەمریکادا نەخشی خۆی دانا، لەجۆش و خرۆشی ئەوەدا بوون کە زمان و چەکی تازەی فیکری و هونەری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی

بدۆزنەوە دژ بە زمانی باوکە کۆنە خوازەکان، دیارە دەزگای پەروەردە یەکێك بوو لەو کارگە زۆر تازانەی دوای جەنگ کە سەرچاوەو پاڵپشتی وەها شۆڕشێك بوو، دەزگای پەروەردە لەوساوە تاهەنووکە لەئاڵ و گۆڕی گەورەو بەردەوامدایە، هەمیشە چاودێری هەنگاوە زانستی و پەروەردەییەکانی خۆی دەکات، هەمیشە لە ئەزموونی یەکدی کەڵك وەردەگرن و قەرز دەکەن، رەخنەو گومان و دڵەڕاوکێی رۆژئاوا لەمەڕ مەسەلەی پەروەردە کاری رۆژانەیە، ئاوروپا کە کار بۆ یەکێتی خۆی دەکات و گەرەکییەتی لەسەر ئاستی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی خەونەکانی خۆی سەربخات، کارکردنی بۆ بەرپاکردنی رۆحی ئاشتیەوانی و ژینگەپارێزی و دادپەروەری و ئازادی لەسەرتای سەدەی بیست و یەکدا کە بە قۆناغی گواستنەوە- ئینتیقالی- ناوزەدی دەکات.. لەو سەرزەمینەوە دەستپێدەکات کە بە دەزگای پەروەردە ناسراوە... بۆ ئەوان و بۆ ئێمەش گەر بەنیاز بن و بەنیاز بین ئایندە مسۆگەر بکەین.. جگە لە دەزگای پەروەردەو چاکسازی لەو گۆڕەپانەدا هیچ ئەگەرێکی باشتر شك نابەین.